# ڕێژنەیەك باران. . لەسەر ئاگر

پێشكەشە بە (ڕێژنەی خوێندكار. . كەئێوارەیەك لەباوەشی ئاگردا سارد بوویەوە)

ئیدریس عەلی

خامۆش بە ئەی ئاگر
هێوربەوە ئەی تۆفان،
تۆ ڕۆحێك هەڵدەقرچێنی
ساڵ چوار وەرزە باخچەكانی
گوڵی بزەو
نیگای تەڕی بەرائەتی تیا سەوز دەبێت،
سارد بەرەوە ئەی ئاگر
دڵێك لەهەناوتا هەڵدەپروزێ
بەیانیان. . بەیانیانی
بەهارو بارانو جوانی
بەجانتای پڕلەنوقڵەوە
چوون فریشتەیەك بۆ دەریا خولقابێ
خۆی دەكات بەموحازەرەكانی ئەویندا
لەچاوانیدا ڕێژنەیەك تریفەو
ڕەوە شەونمێكی بەناز دەژی. .
بەزمانی گوڵو شیعر بەیانی باش
لەباڵندەكانی سەر ئاسمانی دڵتەنگی پەیمانگاو
چاكو چۆنی لەهاوڕێ مەكتەبیەكانی دەكات. .
ئەو كەدێت سپێدەیەكە سپی. . سپی
هەتاوێكە گەش. . گەش
درەختەكانی ئەمبەرو ئەو بەری شەقام
هەمو شۆڕ شۆڕلە ستایشی هاتنیدا دەنوشتێنەوەو
یەك جار ئەو ناوە
پڕ دەكات لە بۆنی چۆلەكەی خوساو بەفڕین. .
ئەوەتا هێشتا لەو بەرەوە
بەتەنیشت پیاسەیەكی هێمنیەوە
لەژێر ئەو دار سنەوبەرە شەنگەدا
سێبەرەكەی وەك نەوازشی دایكێكی میهرەبان
لەدەوری باڵندە تەریوەكان دەگەڕێتو
هێشتا لەسەر مێزی كافتریاكە
گلاسێك شەربەتی گوشراو بەخۆشبەختیو
كوپێك قاوە ڕەنگ گرتوو بەوەفاو
بۆنی چایەكی روونو شیرین

www.kurdistannet.org
19/07/2003 21:52

تێکەڵ بەبزەو تریقەکانی

چاوەڕێی هاتنی دەکەن. .

چاو ئەی ئاگر. . چاو ئەی تۆفان

هێشتا قەڵەمە بەفراویەکەی

خەریکی نوسینەوەی دووایین یادگاریەکانی شەونمە

هێشتا لەدڵی تەنگی هاوڕێکانیدا وانە شین باوەکانی حەقیقەت فێردەبێ.

ئەو هاوڕێ پایزیانەی گەڵا گەڵا دووای ئەو هەڵوەرین،

ئەو هاوڕێ مەکتەبیانەی ساڵێك لەژێر بارانی ترسو شەرما

حونجەی وانە سەختەکانی ئایندەیان کردوو هەموویان ساقیت بوون. .

(رێژنە) لەنێو کتێبە سپیەکانی جوانیدا

درێژترین دێڕبوو،

دەئەی ئاگر فێنك بەوە

بەرێژنەی ئەم هەناسە ساردانە

دەئەی تۆفان هێور بەوە

بەرێژنەی فرمێسکی ئەم چاوە پڕ لەپرسیارانە،

ئەم ئێوارە بادووایین ئێوارەی هەڵقرچان بێت

با (رێژنەی) چنگ پڕ لەگڕی ئەم هاوینە

بەخۆیو دەفتەرو قەڵەمە رەنگاو رەنگەکانیەوە

بەخۆیو جانتای پڕ لەپەپولەیەوە

لەگشت رکو کینەکانت ببورێت

دەئەی ئاگر سارد بەرەوە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت